# چەند نموونەیەک لە
# سیاسەتەکانی پاراستنی ژینگە لە وڵاتی سوئێد

**تاهیر عەلیار**

”

وڵاتی سوئێد خۆی بە زیاتر لە ٤٠ کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەییی ژینگە و گرێبەستی نێو نەتەوەیی بۆ پاراستنی ژینگەوە بەستووەتەوە. ئەو، چاوەدێری بە سەر زۆرینەی بوارەکانی ژینگەپارێزیدا دەکەن بۆ وێنە خاوێن ڕاگرتنی هەوا، چۆنیەتیی کۆکردنەوەی زبڵ، چۆنیەتیی بێ خەتەرکردنی مەوادی کیمیایی، چۆنیەتیی خاوێن ڕاگرتنی سروشت و ....

“

لــە کــۆی ۲۲ وەزارتخانەی دەوڵەتی ســوئێد، یەکیان وەزارەتخانــەی ژینگەیە. ئەرکەکانی ئەو وەزارتخانەیە
لە سایتی ڕەسمیی خۆیاندا ئاوا دیاری کراوە:

۱ کەمکردنەوەی بڵاوبوونــەوەی گاز و مەوادی پیس لە هەوا و فەزادا.
۲ دابینکردنــی ژیانێکی دوور لە هەر چەشــنە پیسییەک.
۳ پەرەپێدان و زیادکردن و بە هێز کردنی ژیانی سروشت لە سەر عەرز و لە ئاودا.
۴ پێڕاگەیشــتن بە ســووڕی ژیانی پڕ بایەخی سروشت circulation
۵ کۆکردنەوەی زبڵ و زێراب لە هەر چەشنێک.
۶ پاراســتنی ژینگە و ژیان لە هەموو تیشکێکی زیانبار.
۷ دابینکردنی هەوای خاوێن بۆ ژیان.
۸ هــاوکاری و هاوبەشــی لــە تێکۆشــانی ژینگەپارێزیی جهانیدا.

## خۆبەســتنەوە بە کۆنڤانسیۆن، گرێبەست و پرۆتۆکۆلە نێونەتەوەییەکانەوە

وڵاتی سوئێد خۆی بە زیاتر لە ۴۰ کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەییی ژینگە و گرێبەستی نێو نەتەوەیی بۆ پاراستنی ژینگەوە بەستووەتەوە. ئەو، چاوەدێری بــە ســەر زۆرینــەی بوارەکانــی ژینگەپارێزیدا دەکەن بۆ وێنە خاوێن ڕاگرتنی هەوا، چۆنیەتیی کۆکردنەوەی زبــڵ، چۆنیەتیی بێ خەتەرکردنی مــەوادی کیمیایی، چۆنیەتیــی خاوێن ڕاگرتنی سروشت و ....

گرێبەستەکانیش لە نێوان چەندین وڵاتدا واژۆ کراون بۆ ئەوەی پرۆژە گەورەکانی ژینگەپارێزی، بە هــاوکاری و ئیمکاناتی هاوبــەش بەرەوپێش ببەن، چونکە زۆربەی پرۆژەکان بۆ هەموو دنیا یا بەشێک لە دنیان. هەروەها بە تێکۆشانی هاوبەش هەوڵ دەدەن مافی ژینگە پەرەپێبدەن.

ئەرکــی گرینگــی دەزگای پێڕاگەیشــتنی خزمەتگوزاریــی سروشــتیی ســوئێد ئەوەیە کە بەشــداربێ لە کاری بەردەوام بــۆ بەڕێوەبردنی بڕیــاری ئەو کۆنڤانســیۆنانە و پســپۆڕەکانی لە کۆبوونەوەکانی ڕاوێژکاریــی یەکیەتیی ئورووپادا ســەبارەت بە ژینگەپارێزی بەشــداری بکەن و بیروبــاوەڕی خۆیان بــۆ هەنگاوەکانــی داهاتوو ڕابگەیەنن.

یــەک لەو کۆنڤانســیۆنانەی باســمان کرد، کۆنڤانســیۆنی ئــاو و هەوایــە کــە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر داوە. ئەرکی گرینگــی ئەو کۆنڤانســیۆنە ئەوەیــە ڕێگاچارە ببینێتەوە بۆ ئەوەی پێش بە ئاڵوگۆڕەکانی ئاو و هەوا بگرێ؛ چونکە مەترسیی ئاڵوگۆڕەکانی ئاو و هەوا، بەرانبەر بە ژینگەی مرۆڤایەتی قورســترین مەترســییە و کارکردی لە ســەر هەموو وڵاتان هەیــە و هەموو وڵاتەکانیش لە دروســت بوونی ئەو مەترسییەدا کەم و زۆر دەستیان هەیە، بەڵام بەشــە جیاوازەکانی جیهان بە شــێوەی جیاواز تووشی ئەو مەترسییە دەبن.

چوونەســەری گەرما لە ســەدەی ڕابردوودا لە ســەر گۆی زەوی پێمان دەڵێ: بڵاوبوونەوەی گازی کۆڵدیئۆکسید زیادی کردووە و ئەوەش بە هۆی بە کارهێنانی لە ڕادەبەدەری زووخاڵ، نەفت و گازی سروشــتییە. بۆیە بــڵاو بوونەوەی گازی گوڵخانەیــی دەبێ تا ئەو ڕادەیــە کەم بکرێتەوە کە بەرەبەرە نەتوانێ کێشــە بۆ سیســتەمی ئاو و هەوا دروســت بــکا ئەوەش تەنیا بــە هاوکاریی نێودەوڵەتی دەستەبەر دەبێ.

## گرێبەستی پاریس

ئەو کۆنڤانسیۆنە گرێبەستی پاریسی بەدوادا هات کە مانگی دێســامبری ۲۰۱۵ بڕیاری لە ســەر درا و لە مانگــی نۆڤامبری ۲۰۱۶ کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. لە ڕاســتیدا تەقریبەن تەواوی وڵاتانــی دنیا واژۆیــان کردووە. ئەو گرێبەســتە تەواوی لایەنەکانی کۆنڤانسیۆنی ئاو و هەوا ڕوون دەکاتەوە.

گرینگتریــن ئامانجــی گرێبەســتی پاریس ئەوەیە وڵاتانی ئەندام تێبکۆشــن، چوونەســەری گەرما کە بە شــێوەیەکی گلۆبــاڵ هەموو دنیای

گرتۆتەوە بێننــــە خوارێ تا ڕادەی لانی کەم دوو دەرەجـــە لە هەنـــگاوی ئەوەڵدا و لە پاشـــانیش هەوڵ بدەن وردەوردە بیهێننە خوارتر. هەر پێنج ســـاڵیش جارێک هەڵســـەنگاندن دەکرێ بزانن هاوکاری و چارەســـەریی ئەو وڵاتانە ئامانجەکانی پێکاوە یان نا.

## پرۆتۆکۆلـــی کیۆتـــۆ وەک پێشـــینەی ئەو هاوکارییانە

وەک پێشـــینەیەک بـــۆ گرێبەســـتی پاریـــس، پرۆتۆکۆلـــی کیوتۆ لەبەرچاو دەگیرێ کە ســـاڵی ١٩٩٧ واژۆ کـــرا و لە مانگی فێبریەی ٢٠٠٥ لە هەموو ئەو وڵاتانەی کـــە واژۆیان کردبوو کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە. بەشێکی ئەو پرۆتۆکۆلە داواکاری و بڕیارلەســـەردانە بـــۆ کەمکردنەوەی گازی گوڵخانەیی.

وڵاتی ســـوئێد کۆنڤانســـیۆنی ئـــاو و هەوا، گرێبەســـتی پاریس و پرۆتۆکۆلی کیوتۆ بە وردی جێبەجێ دەکا و کاریان پێ دەکا.

نوێنەرانـــی ئەو وڵاتانەی کۆنڤانســـیۆنی ئاو و هەوایـــان واژۆ کردووە، بـــە گوێرەی بەرنامەی دیاریکراو کۆ دەبنەوە و لەو کۆبوونەوانەدا لە سەر ڕێگاچـــارەی نوێتر بڕیـــار دەدەن و دەوڵەتەکانی وڵاتانی بەشدار بڕیارەکان جێبەجێ دەکەن.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شـــاری بۆنی ئالمان ســـکرێتاریایەکی بۆ ئەو کۆنڤانسیۆنە داناوە و وێبێکی هەیە کـــە هەموو زانیارییە کی بە زمانی ئینگلیســـی تێـــدا بـــڵاو کردووەتەوە. زانیارییەکی زۆریشـــی لە سەر گازی گوڵخانەیی و کارکردی لە ســـەر ژینگە تێـــدا بڵاوکراوەتەوە. هەروەها نووسراوە:

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە توانا و زەرفییەتی وڵاتەکان و گیروگرفتی ژینگەیان وەک یەک نییە و فەرقی هەیە بۆیە دەبێ ســـەرنج بدەینە چەند خاڵێک:

**١** چ فاکتۆرێـــک دیاریکـــەرە کـــە وڵاتێک بە پێی بڕیاراتی کۆنڤانســـیۆنە نێـــو نەتەوەییەکان هەڵسوکەوت دەکا یا نایکا.

**٢** چ مێتـــۆد و مکانیزمێک هەیە کە ئەو وڵاتانە بە بڕیارەکانی کۆنڤانســـیۆنەکان ببەستێتەوە و بە ئەنجامی بگەیەنن .

**٣** چـــۆن، جێبەجـــێ کردنـــی بڕیارەکانـــی گرێبەســـتەکانی ژینگە پارێزی ڕۆژبەرۆژ باشـــتر بکرێ.

ڕوانگە و ئامانجی وڵاتی ســـوئێد و بەرنامەی دارێـــژراو لە پێوەنـــدی دەگەڵ ئـــاو و هەوا لەو وڵاتەدا ئەوەیە ســـاڵی ٢٠٤٥ هیچ ئاسەوارێک لە گازی گوڵخانەیی لەو وڵاتەدا نەمێنێ و نەیەتە نێو ئاتمۆسفەرەوە. مانای ئەوەیە ڕادەی بڵاوبوونەوەی گازی گوڵخانەیـــی لەوســـاڵەدا ٨٥ لەســـەد بە نیسبەت ساڵی ١٩٩٠ لە کەمی و کورتیی دابێ.

دەوڵـــەت وەزیفەیەتی هەر ٤ ســـاڵ جارێک سیاسەتی گەیشـــتن بەو ئامانجە ژینگە پارێزییە و چۆنیەتیی تێکۆشـــانی خۆی بۆ گەیشـــتن بەو مەبەســـتە لە ڕاپۆرتێکی ڕووندا بدا بە پەرلمان و هەر پێداویستییەکی تازە بۆ گەیشتن بە ئاکام و کۆتاییی کارەکە لازم بێ لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەی پێ بکا.

بەشێک لە کارخانەکان بەتایبەت کارخانەکانی کەرتی ئاسن و پۆڵا، دەبنە هۆی بەرهەمهێنان و بڵاوبوونەوەی بەشـــێکی زۆر لە گازی گوڵخانەیی. بۆیـــە بیرکردنـــەوە لـــە گۆڕینـــی تەکنیکی ئەو کارخانانە، مێشـــکی پســـپۆڕان و بەرپرسانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و ڕایان وایە لە پرۆسەی ئـــەو گۆڕانکارییانەدا، ســـوئێد ببێتە وڵاتێک کە ئیدی ســـووتەمەنیی فوسیلی بەکار نەهێنێ و بۆ گەرمـــای نێو ماڵ و بەرهەمهێنانی پیشەســـازی و ترانســـپۆرت، لە بیوئێنێـــرژی کەڵک وەرگرێ. مەبەســـت لە بیوئێنێرژیـــش، وەزای تاو، وزەی با، وزەی ئاو، بەنـــداو و ئاوبەند و وزەی کارەبایە. لەو بوارانەدا هەنگاوی گەورە هەڵێندراوەتەوە. لە زۆر جێگا کە لە مەسیری بادایە پایەی بڵیندیان دامەزراندووە کە جۆرێک ژنراتۆری بەرهەمهێنانی بەرقـــە و پەڕەکانـــی بە با دەســـووڕێ و دەبێتە هۆی پاشـــەکەوت بوونی بەرق لـــە ژنراتۆرەکەدا. بەنداوی گەورەش لێـــدراوە و ژنراتۆری بەرقیان

لــێ دامەزراندووە . لە بیناسازیشــدا ئێســتا لە سەربانەکان لە زۆر جێگا سەفحەی سەنعەتیی بۆ وەرگرتنی وزە دادەنێن کە نووری ڕۆژ وەردەگرێ و دەیــکا بــە وزە و بۆ گەرمــا و بەرقی نێو ماڵ کەڵکی لێ وەردەگرن.

ئوتوبووســی نێــو شــارەکان هیچیــان لە سووتەمەنیی فوسیلی کەڵک وەرناگرن و تەواویان بــە بیوگاز کار دەکەن و زەرەریان بۆ ژینگە نییە. لە باری نرخی هاتوچۆشەوە بە سەرفەترن چونکە لە سووتەمەنیی هەرزانتر کەڵک وەردەگرن. جگە لەوە ماشــێنی سواریی بەرقی، ئێستا بە لێشاو لە بازاڕدایە و ئەو جۆرە ماشێنانە یا ماشێنی هیبرید لــە زیادبووندان. قەتار، میترۆ و تراموا هەموو بە بەرق کار دەکەن و هیچ گازێک لە ئاتموســفەردا بڵاو ناکەنەوە.

بەشێکی عومدە لەو بیوگازە لە زبڵ و ئاشغاڵ بە دەست دێنن. پێم وایە لازمە کەمێک لە سەر ئەو بابەتە بڕۆم.

هە موو ئەو کەسانەی بە تەنیا یا دەگەڵ فامیل دەژیــن دەبێ زبڵی نێو ماڵ بە چوار جۆر دابەش بکەن. ئاســن بە جوێ، خۆراکی مــاوە بەجوێ، شووشــە بە جوێ، کارتۆن و کاغەز بە جوێ. ئەو زبڵانە نابێ لە ماڵێ ڕابگیرێ بەڵکوو لە دەرەوەی ئەو ســاختمانەی تێیدا دەژین بینــای تایبەتی هەیە بە مەحفەزەی تایبەتییەوە دەبێ ئەو شتانە هەرکام لە مەحفەزەی تایبەت بە خۆی باوێژرێ و لەوێدا ڕادەگیرێ تا شــارداری دەیانگوێزێتەوە . ئاسن دەنێردرێتە شــوێنی تواندنەوە و دووبارە بــە کاری دێننەوە. ئاســن تا بــێ نهایەت جار دەتوێندرێتەوە و بەکار دەهێندرێتەوە. شووشە و کارتۆن و کاغەزیش بە هەمان شێوە دەنێردرێتە کارخانەی تایبــەت بە خۆیان و تا ئەو جێگایەی دەکرێ دووبارە بە کار دەهێندرێنەوە. بەڵام زبڵ چ لێدەکەن.

لە هە موو شارەکانی سوئێد کارخانەی بەرهەم هێنانــی گەرمای نێو مــاڵ هەیە کە پێی دەڵێن värmeverket بە ئینگلیســی دەبێتە thermal power station زبــڵ دەبرێتــە ئەو کارخانەیە و بەشــێکی لە کوورەی تایبەتیدا دەکرێ بە گەرما و گەرمای نێو ماڵەکان و ئاوی گەرم بۆ خۆشوتن لــەو ڕێگایەوە بۆ هەموو ماڵێک لە ڕێگای لوولە و ئامێری تایبەتەوە دابین دەکرێ. بەشێکی دیکەی زبڵ دەبرێتە بەشــێکی دیکەی ئــەو کارخانەیە و بــە کەڵک وەرگرتــن لە تەکنیکــی تایبەت، دەکرێ بە بیو گاز و بۆ ترافیکی نێوشــار بە کار دەهێندرێ. ســوئێد ساڵانە ٧٠٠ ملیۆن تۆن زبڵ لــە وڵاتی نورویژ دەکرێ و لەو کارخانانەدا گەرما و سووتەمەنیی لێ بەرهەم دێنێ.

لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە بکەم لە ســوئێد ئەو ئامۆژگارییانەش بۆخەڵک هەیە بۆ بەشــداری لە ژینگە پارێزیدا ڕەچاوی کەن.

١ بۆ چوونە سەرکار یا شوێنی خوێندن، باشترە بــە پێیان بچی یا بە دووچەرخە یا بە ئوتوبووس. ئەگەر شــوێنی کارت لە دەرەوەی شــارە باشترە دەگەڵ هاوکارەکانت ڕێــک کەوی چەند کەس بەیەک ماشــێن بچن لە باتــی ئەوەی هەرکەس ماشێنێک بێنێ.

٢ لە ماشێنێک کەڵک وەرگرن کە سووتەمەنیی فوسیلیی ناوێ یا هیبریدە یان بە ئێتانۆل دەڕوا. ڕادەی بای تایەکانی دروستە. شێوەی لێخورینی بەسوود بە کار بێنە. بۆ سەفەر لە ناوخۆی وڵاتدا بە جێگای تەیارە سواری قەتار بە.

٣ لــە ماڵێ لــە لامــپ و دەزگای بەرقیی کەم مەســرەف کەڵک وەرگرە. ئاوی گەرم زۆر بە کار مەهێنــە و گەرمای ماڵــێ زۆر مەکە و لە کاتی کوڵاندنی شــتێک سەرپۆشی لە ســەر دانێ. لە کاتــی چوونە دەر لــە ماڵێ، ئامێــری کارەبایی بکووژێنەوە، چــرا بکووژێنەوە، ئەگــەر فریزەکە سەهۆڵ گرتوویە بە جوانی سەهۆڵەکەی لێبکەوە.

٤ دەرمانــی کۆن باتریــی کۆن، زبڵــی کۆن، تەگەری ماشــێنی کۆن، لە ماڵــێ ڕامەگرە. زبڵ لە سروشــتدا بڵاو مەکەوە. مەوادی کیمیایی لە زێراب مەکە.

٥ شــتێک مادەی کلــۆری تێدابێ بــە کاری مەهێنــە. مەوادی پاک کــەرەوە لە ڕادەی خۆی زیاتر بەکارمەهێنە. بە گەرمای زۆر لیباس مەشۆ.